# نەخشەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ڕوانگەی تیۆریی ئاژاوەی داهێنەرانەوە

**(کورد دەبێ لە هاوکێشە ئاڵۆزەکاندا وەبەرهێنان بکات)**

**پرۆفیسۆر دکتۆر سەردار قادر محیەدین،** شارەزا لە یاسای دەستووری و دیپلۆماسییەتی قەیران

**ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ لە ڕوانگەی ستراتیژییەتی ئیسرائیل و ئەمریکا**

لەوانەیە تەواوی ڕووداوەکان بەپێی تیۆرییەکە نەبن، بەڵام ئاکامەکە هەر بەو ئاڕاستەیەیە. تێگەیشتن لە زاراوە، واقع، ژینگە و جیۆپۆلیتیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نە کارێکی سادەیە و نە گەنگەشەیەکی نوێیە، تەنیا ئەوەندە نەبێ، کە ئێمە لەم وتارەدا دەمانەوێ ئاماژە بەوە بدەین، کە پەیوەندییەک لە نێوان ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و "پڕۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە"دا هەیە. هەر بۆیە چەمکەکە لای بریتانییەکان هەر لە کۆنەوە هەبووە و جیاواز بووە بە بەراورد لەگەڵ تێگەیشتنی جیهانی عەرەبی بۆ چەمکەکە؛ لای ئەمریکی و ئیسرائیلییش بە هەمان شێوە، پێشتر چەندان چەمکی هاوشێوە هەبوون: "ڕۆژهەڵاتی نزیکی کۆن" (Ancient Near East) "ڕۆژهەڵاتی نزیک" (Near East) "ڕۆژهەڵاتی دوور" (the Far East) "پرسی ڕۆژهەڵات" (the Far East) "هاوبەشیی یۆرۆناوەڕاستی" (Euro-Mediterranean Partnership) و "ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست" (Middle East) [1]( 1 ). ئێستایش دوو زاراوەی تر هەن کە بەبەردەوامی باس دەکرێن سەبارەت بەو ناوچە جیۆپۆلیتیکییە، ئەوانیش دوو زاراوەی ئەمریکی – ئیسرائیلین: "ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ" (New Middle East) و "ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە" (Greater Middle East).

**پڕۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە**

پڕۆژەیەکی توێژینەوە بوو لە ئایاری 2004 لەلایەن دامەزراوەی "کارنیگی بۆ ئاشتیی نێودەوڵەتی" ئامادە کرابوو، بۆ ئەوەی ئەمریکا وەک بەشێک لە ئەجێندای کۆبوونەوەی لووتکەی G8 کە لە حوزەیرانی ساڵی 2004 ساز درا. مەبەست لەو پڕۆژەیە گۆڕانکاریی ڕیشەیی بوو لە مامەڵەی ڕۆژاوا لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا، کە خاڵی جەوهەری تێیدا بریتی بوو لە چاکسازی لەسەر ئاستی دەسەڵاتی سیاسی، ئابووری و سیستەمی کۆمەڵایەتی. ئەو پڕۆژەیە بەڕاشکاوانە لەلایەن جۆرج بووشی کوڕ لە کۆبوونەوەی لووتکەی دەوڵەتانی پیشەسازیی G8 لە ساڵی 2024 بانگەشەی بۆ کرا و خرایە سەر مێزی بەرنامەی کارەوە. بەپێی ئەو پڕۆژەیە، تەواوی دەوڵەتانی عەرەبی (21 دەوڵەت + دەسەڵاتی سیاسیی فەلەستینی)، تورکیا، ئیسرائیل، ئێران، ئەفغانستان و پاکستانی دەگرتەوە؛ واتە 26 دەوڵەتە و فەلەستینیش وەک حکومەتی بێدەوڵەتی چاودێر لە ئەنجومەنی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان. پێشنیاری ئەوەیش هەبوو کە ئەو ژمارەیە بگاتە نزیکەی 40 دەوڵەت؛ بەوەی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵات و ناوەڕاستی ئاسیایشی بخرێتە پاڵ. پڕۆژەکە بۆ گەیشتن بە پرۆسەی چاکسازی، جەختی لە سێ بنەمای سەرەکی دەکردەوە، ئەوانیش( 2 ):

- هاندانی دیموکراسییەت و حوکمڕانیی دروست، ئەویش لە دووتوێی: هەڵبژاردنی ئازاد، پێشکەشکردنی هاوکاریی تەکنیکی، بەرزکردنەوەی بەشداریی ئافرەتان لە کاروباری سیاسی و مەدەنی و یاسایی، چاکسازی لە بواری دادوەری، میدیای سەربەخۆ و ئازاد، دژایەتیی گەندەڵی و پەرەپێدانی بکەرانی کۆمەڵگەی مەدەنی.
- بنیاتنانی کۆمەڵگەی مەعریفی بە هاوکاریکردنی بواری پەروەردە و فێرکردن.
- فراوانکردنی دەرفەتە ئابوورییەکان، چاکسازی لە بواری دارایی، پشتیوانیی دارایی بۆ پڕۆژە بچووکەکان، بنیاتنانی دامەزراوەیەکی دارایی و دامەزراندنی بانکی گەشەپێدان بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە، باشترکردنی خزمەتگوزارییە داراییەکان، بوون بە ئەندامی دەوڵەتانی ناوچەکە لە ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی و هتد.

ئەو پڕۆژەیەیش بۆ ئەو مەبەستە بوو، تا سەرلەنوێ ئەمریکا خۆی بەسەر ناوچەکەدا زاڵ بکاتەوە و ئیسرائیلیش بکاتە پێشەنگ و بکەری یەکلاکەرەوەی هاوکێشە سیاسییەکان؛ جارێکی تر سەرچاوەکانی وزە کۆنترۆڵ بکاتەوە؛ پەرتکردنی سیستەمی ناوچەیی و گۆڕینی بە سیستەمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە؛ دەرخستنی هەندێ سیستەمی سیاسی کە لەگەڵ پڕۆژەکەدا تەبا بن و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل بپارێزن. لە ڕووی کۆمەڵایەتییشەوە دەبێ کەلتووری عەرەبی و ئیسلامی کاڵ و بێکاریگەر بمێنێتەوە و لە کەلتووری لیبراڵی شوێنیان بگرێتەوە؛ چونکە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێگەیەکی جیۆپۆلیتیکی پڕبایەخی هەیە(1): 12.5% ڕووبەری جیهان پێک دێنێت و بەسەر هەردوو زەریای هێمن و ئەتلەنتیکدا دەڕوانێ و پێکیانەوە دەبەستێتەوە، 15 دەریا، 5 کەنداو، 7 دوورگە، 64% یەدەگی وزەی جیهانی، نزیکەی 10%ی دانیشتووانی جیهان، 20 دەوڵەتی بەرهەمهێنی نەوت و غازی تێدایە؛ بەوەی هەر دەوڵەتێک بەسەر ئەو ناوچەیەدا زاڵ بێت، دەتوانێت کاریگەر بێ بەسەر پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری نێودەوڵەتییەوە.

**پڕۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ**

پڕۆژەیەکی سیاسی-ئابووریی نوێی ئیسرائیلە، کە بیرۆکەکەی دەگەڕێتەوە بۆ "بێرنارد لویس" (Bernard Lewis 13/5/1916 – 19/5/2018). ئەو لە خێزانێکی چینی مامناوەندیی جوولەکەیە. ئەو لە بنەچەدا ڕۆژهەڵاتییەکی جوولەکەی بریتانییە، بەڵام دواتر لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی پێشوو چۆتە ئەمریکا و لە ساڵی 1982دا ڕەگەزنامەی ئەمریکیی بەدەست هێناوە. "لویس" شارەزایە لە مێژووی ئیسلام و کاریگەریی نێوان ئیسلام و ڕۆژاوا؛ هەروەها لە دیارترین ئەو کەسایەتییانەیە کە بانگەشەی بۆ سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی نیشتمانی عەرەبی دەکرد لە دوای سایکس بیکۆ. لە دونیای عەرەبی بەوە تاوانباری دەکەن کە زۆر ڕقی لە عەرەب و موسڵمانانە؛ زۆر ڕقی لە عەرەب و موسڵمانان بوو، کاتێکیش چووە ئەمریکا، زۆرێک لە نیوکۆنسێرڤاتیڤەکان (neoconservatives) ڕاوێژیان پێ دەکرد. هەمیشە بەتاسەوە بانگەشەی بۆ ئەوە دەکرد: گوایە ئاییندەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پڕیەتی لە دوژمنایەتی بۆ ڕۆژاوا. هەروەها دەیگوت: یان دەبێ ئازادییان- ئەو مەبەستی Liberalism بوو- بۆ دابین بکەین یان لەناومان دەبەن. ئەو بانگەشەی ئەوەی دەکرد، کە بڵاوکردنەوەی دیموکراسییەت پێویستە لەو ناوچەیە، بۆ بەرەنگاربوونەوەی بزاڤی ئیسلامیی توندڕەو، کە هەندێکیان پەیڕەویی تیرۆر دەکەن. زیاتر ئاماژە دەدا و دەڵێت: ئەو ڕژێمە فەرمانڕەوایانەی کە هەن، تیرۆریان بەرهەم هێناوە، هەر بۆیە دەبێ ناوچەکە دوای سایکس بیکۆ جارێکی دی لەسەر بنەمای ئیتنی و ئایینی دابەش بکرێتەوە؛ مەبەستەکەیش بۆ زاڵبوونی ئیسرائیلە لەناویاندا و نەهێشتنی مەترسییەکانە لە بەردەم دەوڵەتی جوولەکە. هەر بۆیە کاتێک بێرنارد لویس بۆ گەیشتنە

ئامانجەکەی چووە ئەمریکا، لە ساڵی 1983 بانگەشەی تیۆریی ئاژاوەی داهێنەرانە (Creative Chaos)ی کرد( 3 ).

تێڕوانینی سەرکردەکانی ئیسرائیل بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوچەکە هەر لەسەر ئەو بنەمایەیە؛ بەوەی ناوچەیەکە لە فرەئیتنی، کەلتوور، ئایین و کەمەنەتەوەکان، نەک نیشتمانی عەرەب و موسڵمانان، زیاتر بانگەشەیان بۆ پێکەوەژیان و ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی دەوڵەتانی ئیسلامی و ئیسرائیل دەکرد.

"شیمۆن پێرێز" (2/8/1923 – 28/9/2016)، کتێبێکی هەیە بە ناوی "ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ". ئەو کاتەی وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل بوو لە 28/9/1993 لە کۆبوونەوەی ساڵانەی ئەنجومەنی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەردەم دەوڵەتانی ئەندام، بانگەشەی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ کرد، ئەویش دوای بەستنی ڕێککەوتننامەی نێوان ئەوان و فەلەستینییەکان؛ بەوەی ئاسایشی ئیسرائیل بەستراوە بە تەواوی مسۆگەرکردنی ئاسایشی ناوچەکە(4). ئەو بانگەشەیە سەرلەنوێ لەلایەن نەتانیاهۆی سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیلەوە لە هەمان شوێن لە ئەنجومەنی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان دوای 31 ساڵ لەوەی شیمۆن پێرێز، دووبارە کرایەوە، بەڵام ئەم جارەیان بە دوو نەخشەی سیاسیی نوێوە؛ لەسەر یەکێکیان نووسرا بوو "بەرەکەت"، ئەوی تریشیان "نەفرەت".

**کەواتە ئەو پرسیارەی کە نۆرەیەتی بکرێ، ئەوەیە:** ئێستا کام لەو دوو پرۆژەیە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کاری لەسەر دەکرێت؟ وەڵامەکە ئەوەیە: هەردووکیان. ئەوەی ئەمریکا، مەودا فراوانەکەی ستراتیژییەتی ئەمریکییە، کە لە هەناویدا ڕۆژهەڵاتێکی ناوەڕاستی نوێ دروست دەکات؛ بەڵام ئەوەی دووەمیان زیاتر پوختکردنەوەیە لە بەرژەوەندیی ئاسایشی نەتەوەییی ئیسرائیل و لەژێر چەتری ستراتیژییەتی ئەمریکا لە ناوچەکە بەرەوپێش دەبردرێت. ژمارەی دەوڵەتانی پرۆژەکەیش لەوەی ئەمریکا جودایە: یەکەمیان نزیکەی 40 دەوڵەتە، بەڵام ئەوەی ئیسرائیل تەنیا 19 دەوڵەتە، کە لەناویاندا 17 عەرەبین؛ لەو ژمارەیە لەگەڵ 10 دەوڵەتان گرفتی نییە (مەغریب، جەزائیر، میسر، عەرەبستانی سعوودی، کوێت، قەتەر، بەحرێن، ئیمارات، عوممان و ئوردن). ئەوانەی کە ماون، بونیادی سیاسی و ئابووریی ئەوانی هەڵتەکاندووە، کە مەترسییان لەسەر ئیسرائیل نەماوە (لیبیا، تونس، سوودان، لوبنان، سووریا، عێراق و یەمەن). بەو مانایەی پرۆژەکەی ئیسرائیل زیاتر ئاڕاستەکراوە بۆ دەوڵەتانی عەرەبی، بەتایبەت ئەوانەی کە لە سنووری نزیکی ستراتیژییەتی ئیسرائیلن لە ناوچەکەدا. ئەمەیش ئەوە دەردەخات، کە پرۆژەکەی ئیسڕائیل بە هاوکاریی ئەمریکا، ئاکامێکی ئەرێنیی بۆ ئەو هەبووە.

**تیۆریی ئاژاوەی داهێنەر، وەک ڕوانگەیەک بۆ بنیاتنانەوەی ڕۆژهەڵاتی نوێ**

زۆرێک لە ڕاکان باس لەوە دەکەن، کە تیۆریی ئاژاوەی داهێنەر یان بنیاتنەر، لە ڕووی سیاسییەوە دەگەڕێتەوە بۆ بێرنارد لویس؛ گوایە ئەو لە ساڵی 1983 بۆ سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دای ناوە، بەو شێوازەی کە لە بەرژەوەندیی ئیسرائیلدایە.

تیۆریی ئاژاوەی داهێنەر، زاراوەیەکی سیاسیی یاساییە. مەبەست لێی، هێنانەئارای دۆخێکی سیاسیی بەئەنقەستە دوای قۆناغی ئاڵۆزی یان ئاژاوەی ڕووداوەکان، کە هەندێ کەس ئەم ئەرکەیان لە ئەستۆ گرتووە، بەبێ ئاشکرابوونی ناسنامەیان، بە ئامانجی هەموارکردنەوەی کارەکان لە بەرژەوەندیی خۆیان. ئەو چەمکەیش بۆ یەکەمین جار لە بیرۆکەیەکی ئابوورییانەوە هاتووە، کە هاوشێوەی ئاژاوەی داهێنەرە، کە

ناسراوە بە تێکدان یان لەناوبردنی داهێنەرانە (creative destruction) لە زانستی ئابووریدا، کە لەلایەن زانای ئابووریناس، جۆزێف شۆمپیتێر، لە ساڵی 1942 داهێنرا. مەبەستی شۆمپیتێر بریتی بوو لە: پرۆسەیەک لە شۆڕشی پیشەسازیدا، کە بونیادی ناوەوەی ئابووری دەگرێتەوە؛ بەوەی کە بونیادە کۆنەکە لەناو دەبردرێت و لە شوێنیدا بونیادێکی نوێی زیاتر گونجاو و کراوە دادەهێنرێت( 5 ). هەر ئەو بیرۆکەیەیش بوو کە ئەمریکا بەسەر ئەوروپای دوای جەنگی جیهانیی دووەمدا لە ڕێگەی "پڕۆژەی مارشاڵ"ەوە بۆ ئەوروپا جێبەجێی کرد.

**بنەماکانی ستراتیژییەتی تیۆریی ئاژاوەی داهێنەر یان بنیاتنەر( 6 )**

- بەرپاکردنی ململانێی ئیتنی.
- بەرپاکردن و بەگەڕخستنی ململانێی دەمارگیری.
- لێدان و پەرتەوازەکردنی سەقامگیریی ئاسایش.
- تێکدانی بارودۆخی ئابووری.
- خرۆشاندنی میدیایی؛ بە جۆرێک کە ئاژاوە بنێتەوە و پیرۆزی و بەها کۆمەڵایەتییەکان لاواز بکات.
- لەناوبردنی بنیاتی سوپای وڵات.

**ڕەگەزەکانی ئاژاوەی داهێنەرانە( 7 )**

- لێکۆڵینەوە لە بنیاتی نەتەوەیی ئەو وڵاتانەی کە ئامانجن تا گۆڕانکارییان تێدا بکرێ، لە ڕووی ئایینی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و هتد.
- دیزاینکردنی چەندان کودەتای ئاشکرا و شاراوە، بە شێوازی نوێ، نەک وەک مۆدێلە سیاسییە کۆنەکان؛ تا دەست بکەن بە تیرۆرکردنی چەندان سەرکردە و بڵاوکردنەوەی بەرتیل و ماددەی هۆشبەر و هتد.
- بەگەندەڵیکردنی پرۆسەی گەشەسەندنی وڵات؛ ئەمەیش وا لە ئابووریی وڵات دەکات، کە لە نیشتمانییەوە بگۆڕێت بۆ شوێنکەوتەی تەواوی ئەمریکا و ئیسرائیل.
- بوارنەدان بە هاوپەیمانێتییە ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتییە ناوچەییەکان و هێشتنەوەیان بەپەرتەوازەیی.
- بنکۆڵکردنی دۆخی کەلتووریی وڵات، ئەویش لە ڕێگەی پاڵپشتیکردنی چەند ڕۆشنبیر و هونەرمەندێک و... تا ئاشووبێک لە دۆخی کەلتووری و میدیاییدا بنێنەوە و جەماوەر بەزەحمەت ڕاستی و چەوتی لە یەکتری جیا بکاتەوە.
- پەروەردەکردن و بارهێنانی چەند کەسایەتییەک بە ئەجێندای ئەوانەی کە گۆڕانکارییەکە دەکەن و، هەوڵدان بە جێگەکردنەوەیان لە دامەزراوەکان، یان پێدانی بەرپرسیارێتی دوای تەواوبوونی قۆناغی ئاژاوە.
- هەڵنانی هەندێ بەرپرس لە هەندێ دامەزراوەی هەستیار، تا دامەزراوەکە بۆ بەرژەوەندیی خۆی ئاڕاستە بکات.

ئەو ڕەگەزانەیش بەسەر یەکێتیی سۆڤیەتی جاراندا جێبەجێ کران، تا لە ئاکامدا ڕووخاندیان.

**قۆناغەکانی جێبەجێکردنی ئاژاوەی داهێنەر یان بنیاتنەر**

- بەئامانجگرتنی دۆخی دۆگماییی ئەو دەوڵەتانەی کە مەبەستن گۆڕانکارییان تێدا بکرێ؛ بۆ نموونە لە ڕێگەی خۆپیشاندان، تیرۆر، ناڕەزایەتی، بەیاننامەی هەندێ ڕێکخراو و...، ئەوجا دواتر هەڵوێستوەرگرتنی ناوەندە نێودەوڵەتییەکان و وڵاتان لەسەر دۆخەکە.
- ئاژاوە و پێکهەڵپڕژان لە نێوان لایەنەکانی ناوخۆی کۆمەڵگە و پشتگیریکردنی هەندێکیان.
- ئاڕاستەکردن و بەڕێوەبردنی ئەو ئاژاوەیەی کە دروست دەبێ، بۆ ئەوەی بگاتە ئەو قۆناغ و جێگەیەی کە بۆی دیزاین کراوە.
- دامرکاندنەوەی ئاژاوەکە بەو مەرجانەی کە دروستکەرانی ئاژاوەکە پلانیان بۆ کێشاوە و دیزاینیان کردووە، ئەویش دوای ئەوەی ئامانجەکان بەدی هاتن.
- دانانی سیستەمێکی سیاسیی دیزاینکراو و پاڵپشتیکردنی لەسەر ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتی، کە لەگەڵ بەرژەوەندی و ستراتیژییەتی ئەمریکا و ئیسرائیلدا هاوتەریبە.

**کەواتە تیۆرییەکە چوار مەبەستی هەیە کە بیپێکێت: یەکەم،** سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی ناوچەکە لە ڕووی جوگرافی و سیاسییەوە لەسەر بنەمای ئایینی و ئیتنی؛ بەتایبەت یەکێک لە بنەماکانی دابەشکردن، شێوازی سیستەمی فیدراڵییەتە، کە تێیدا هەرێمەکان نیمچەسەربەخۆ دەنوێنن. **دووەم،** لەباربردنی ڕۆڵی میلیشیاکان کە دەوڵەتەکانی خۆیانیان خستۆتە ژێر ڕکێفیانەوە. **سێیەم،** سەرلەنوێ گێڕانەوەی هاوسەنگیی هێز. **چوارەم،** کۆتاییهێنان بە هەژموونی تورکیا و ئێران؛ بەو شێوەیەی کە بە هیچ شێوەیەک نە بەرژەوەندیی ئیسرائیل بخەنە مەترسییەوە و، نە بتوانن ڕێگر بن لە بەردەم هەژموونیدا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

**سێ ئامانجی ڕاستەقینە: یەکەم،** سەرلەنوێ داڕشتنەوە و پۆڵێنکردنەوە و ئامادەکاریی بارودۆخی ناوچەکە لەسەر بنەمای لیبراڵییەت، تا شوێن بەهاکانی پێشوو بگرێتەوە، وەک: بەهای ئیسلامی و نەتەوەیی. **دووەم،** بەرپاکردنی هەژموونی کۆمپانیا ئەمریکی و ئەوروپییەکان و زاڵبوونیان بەسەر تەواوی هاوکێشە ئابوورییەکانی ناوچەکە. **سێیەم،** ڕێککەوتن یان ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی دەوڵەتانی ناوچەکە لەگەڵ ئیسرائیل.

**کەواتە تیۆریی ئاژاوەی بنیاتنەر، بریتییە لە حاڵەتێکی جیۆپۆلیتیکی، کە کار لەسەر هێنانەکایەی سیستەمی سیاسیی نوێ و کاریگەر و هاوتەریب لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل دەکات، ئەویش دوای لەناوبردنی سیستەمی سیاسیی پێشوو.**

**ئایا تیۆریی پرۆژەکە هاوتەریبە لەگەڵ ستراتیژییەتی دیزاینکراوی ئەمریکا و ئیسرائیل؟**

بێرنارد لویس لە ساڵی 1983 بانگەشەی بۆ تیۆریی ئاژاوەی بنیاتنەر کرد و، لەلایەن نیوکۆنسێرڤاتیستەکانی ئەمریکاوە وەک ڕووداوێکی کاریگەری ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پێشوازییەکی گەرمی لێ کرا.

سەددام حسێن دەوڵەتی کوێتی لە 2/8/1990 و لە ماوەی دوو ڕۆژدا داگیر کرد. ئەو وا حاڵی بوو کە ئەمریکا ڕێگر نییە، بەڵام هەر زوو دەرکەوت کە کەوتۆتە تەڵەکەوە و دەرچوونی مەحاڵە! ئەمریکا زۆر دڵخۆش بوو بەوەی کە عێراق لەو قەیرانەوە تێوە گلاوە، چونکە کارئاسانییەکی زۆری بۆ ئەمریکا کرد؛ بەوەی جارێکی دی زاڵبوونەوەی خۆی بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەرجەستە بکاتەوە و سیستەمی نوێی

جیهانی ڕابگەیەنێ. هەر بۆیە خاڵی دەستپێک بۆ داڕشتنەوەی ناوچەکە دەستی پێ کرد( 8 ). جۆرج بووشی باوک (1924/6/12 – 2018/11/30)، کە ئەودەم سەرۆکی ئەمریکا بوو، دوای قەیرانەکە پەیامی نوێی ستراتیژی خۆی ڕاگەیاند، کە چوار بنەما بوون بۆ سیستەمی نوێی جیهانی( 9 ): بنیاتنانی سیستەمێکی ئاسایشی هاوبەش لە ناوچەکە، داماڵینی چەک لەو دەوڵەتانەی کە جێی مەترسین بۆ سەر ئیسرائیل (کە عێراق یەکێک بوو لەوانە)، کۆتاییهێنان بە ململانێی عەرەب ـ ئیسرائیل، بایەخدان بە گەشەسەندن و بازاڕی ئازاد و خۆشگوزەرانی لە ناوچەکە.

دواتر دواهەمین سەرۆکی یەکێتیی سۆڤیەت لە 1991/12/25 دەستی لەکار کێشایەوە و تەواوی دەسەڵاتەکانی فیدراسیۆنی یەکێتیی سۆڤیەتی ڕادەستی بۆریس یەلتسین، سەرۆکی ڕووسیا کرد. دوای تەنیا یەک ڕۆژ بە بەیاننامەیەک بە ژمارە H-142 ئەنجومەنی باڵای سۆڤیەت، یەکێتییەکەی هەڵوەشاندەوە و دانی بە سەربەخۆیی کۆمارەکانی ئەندامی نا و، هەر یەکەیان بوونەوە بە دەوڵەتی سەربەخۆ و ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان( 10 ). ئەمەیش وای لە سیستەمی جیهانیی نوێ کرد ببێتە تاکجەمسەری؛ لە لایەکی ترەوە ئیسرائیلییەکان لەگەڵ فەلەستینییەکان ڕێککەوتننامەی ئۆسلۆیان لە ئەیلوولی 1993 مۆر کرد. بەمەیش پرسی فەلەستین لە کێشەیەکی نێوان عەرەب ـ ئیسرائیلەوە، بووە کێشەیەکی ناوخۆی ئیسرائیل.

ئیسرائیل لە هەوڵی پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بوو. هەر ئەو ساڵە شیمۆن پێریز لە ئەنجومەنی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بانگەشەی بۆ کرد؛ لە 1996/4/11 هێرشێکی سەربازیی لە دژی حزبوڵڵا بە ناوی "پرۆسەی هێشووی تووڕەیی" بەرپا کرد و کاولکارییەکی زۆر لە لوبنان کەوتەوە، بە بەیرووتی پایتەختیشەوە.

دواتر پرۆژەیاسای ڕووخاندنی سەددام لەلایەن کۆنگرێسەوە پەسەند کرا. لە کارە تیرۆریستییەکەی 11ی سێپتەمبەری 2001، ئەمریکا دەوڵەتانی بۆ سەر دوو جەمسەری خێر و شەڕ دابەش کرد. ئەوە بوو لە کردەیەکی سەربازیدا بە ناوی "پرۆسەی ئازادیی هەمیشەیی"، دەسەڵاتی سیاسیی لە ئەفغانستان لە 2001/12/17 ڕووخاند. دوای ئەو جەنگە هەر زۆر بەخێرایی بڕیاری جەنگ بۆ ڕووخاندنی سەددام دەرچوو. ئەوە بوو لە 2003/5/1 تەواوی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە دەستی بەسەردا گیرا.

ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس لە عێراق بە خاڵی دەستپێک بۆ جێبەجێکردنی تیۆریی ئاژاوەی بنیاتنەر دادەنرێ، کە لە هەناویدا پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی نوێی لەخۆ گرتبوو.ی لەو بارەیەشەوە زۆر ڕاشکاوانە، کۆندالیزا ڕایس، وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی ئەمریکا لە دیمانەیەکی لەگەڵ واشنتۆن پۆست، لە نیسانی 2005 ڕای گەیاند: ئێستا تیۆریی ئاژاوەی بنیاتنەر، بۆتە کارە هەرە لەپێشینەکان بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و، لە عێراقیشەوە دەست پێ دەکات بۆ تەواوی ناوچەکە.

**ئایا ستراتیژییەتی ئاژاوەی بنیاتنەر بە کام قۆناغ گەیشتووە و چیی ماوە؟**

دەتوانین بۆ سێ قۆناغ دابەش و هەڵسەنگاندنی بۆ بکەین (2001 – 2014):

- خاڵی دەستپێکی جێبەجێکردنی تیۆرییەکە داگیرکردنی عێراق بوو، بەڵام عێراق بووە دەوڵەتێکی شکستخواردوو بە هۆکاری توندوتیژی و مەزهەبگەرایی و تیرۆری میلیشیاکان و شەڕی ناوخۆ لە 2006 – 2008. ئێرانیش ڕۆڵی نەرێنیی بینی و، ئەمریکاش نەیتوانی عێراق ئاوەدان بکاتەوە و

هیچ پلانێکی ڕۆشنی نەبوو بۆ قوتارکردنی عێراق لە داڕووخان.

- ئێران زیاتر هەژموونی لە ناوچەکەدا هەڵکشا؛ هاوپەیمانێتیی شیعیی دروست کرد؛ لە ڕووی جیۆپۆلیتیکییەوە بەرفراوان بوو؛ لە بەستنی ڕێککەوتننامەی ئەتۆمیدا سەر کەوت؛ ئەمریکاش هیچ پلانێکی ڕۆشنی دژ بە ئێران نەبوو سەبارەت بە قاڵبدان یان گۆڕینی ڕژێم، بەڵکوو زیاتر بایەخی بە دیپلۆماسییەت دەدا. ئەوەیش تەواو لە بەرژەوەندیی ئێران کەوتەوە؛ دەستی بەسەر چوار پایتەختی ستراتیژیی ناوچەکەدا گرت و هاوکاریی بزووتنەوەی حەماسیشی دەکرد.
- ئێران لە عێراق هەژمووندارتر بوو وەک لە ئەمریکا؛ پرۆسەی هەڵبژاردنی دیموکراسییانەی هان دەدا، تا لەوێوە زۆرینەی شیعە بەڕەوایەتی فەرمانڕەوایی بکەن؛ گرژییەکانی ناو عێراقی لە ناوچە سوننییەکان و پەیوەندییەکانی حکوومەتی فیدراڵ و هەرێمی بەرەو هەڵکشان برد، تا بەتەواوی زۆرینە دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرن و ئەوانی دی پەراوێز بخەن؛ دروستکردنی چەندان میلیشیا لە عێراق، لە لایەک بۆ کۆنترۆڵکردنی دۆخی سیاسیی وڵات لە بەرژەوەندیی شیعە و لە لایەکی تریشەوە وەک پشتێنەیەکی ئاسایشی بۆ ئێران؛ لە ئاکامیشدا کۆنترۆڵکردنی پرۆسەی بڕیاردروستکرن و ئابووریی عێراق بەتەواوی؛ تەنانەت هەندێ بەرپرسی ئێرانی، عێراقیان وەک ویلایەتێک لە ئێران ئەژمار دەکرد، نەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ.
- جەنگی عێراق و ئەفغانستان زۆر ئەمریکای خەریک و هەراسان کردبوو؛ هیچ هاوکێشەیەکی ئەرێنیی بەدەستەوە نەدا، بێجگە لەو خاڵە ئەرێنییەی کە تیۆریی ئاژاوەی بنیاتنەر مەبەستییەتی؛ بنیاتی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئەو وڵاتانەی هەڵتەکاند و یەکێک لە مەرجەکانی تیۆرییەکەی هێنایە دی. کەواتە لە کۆی پرۆسەکە، ئەمریکا و ئیسرائیل هەر بە براوەی یەکەم مانەوە.

هەڵسەنگاندنی دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی ئەمریکا بۆ ئەو قۆناغە، نەرێنی بوو، هەر بۆیە دەستیان کرد بە پێداچوونەوە. دامەزراوەی کارنیگی بۆ ئاشتیی نێودەوڵەتی، کە خۆیان پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی گەورەیان لە ساڵی 2004 دیزاین کردبوو، هەر خۆیان لە ساڵی 2009 دەستیان پێ کرد 11)).

**تەوەرەکانی پێداچوونەوەیش ئەمانە بوون:**

- دەبێ ئەمریکا باشتر لەو دۆخەی کە هەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێ بگا.
- وردتر دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و، چیی مەبەستە.
- پێویستە سنوورێک بۆ بڵاوبوونەوەی توندوتیژی و تیرۆر لە ناوچەکە دابنرێ، تا لە کۆنترۆڵ دەرنەچێ.

**بابەتەکانی پێداچوونەوە:**

- ململانێی ئیسرائیلی ـ فەلەستینی.
- پرسی بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی.
- ئەجێندای ئازادی و پرسی دیموکراسییەت، کە ڕەگەزێکی سەرەکیی پرۆژەکە بوو، سەرکەوتوو نەبوو.
- گرژییە تائیفەگەرییەکان بەرەو هەڵکشان دەچوون؛ ئەمەیش خاڵێکی ئەرێنی بوو بۆ پرۆژەکە،

بەڵام دەبێ ئاڕاستە بکرێ بۆ ئەو مەبەستەی کە لە تیۆریی ئاژاوەی بنیاتنەردا هەیە.
- هاوسەنگیی هێز.

سێ کۆمەڵەی سیاسی دیاری کران کە دەبێ کاریان لەسەر بکرێ و تا یەکلایی نەکرێنەوە، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ بوونی نابێ:

- ئێران و عێراق.
- سووریا و لوبنان.
- ئیسرائیل و فەلەستین.

دامەزراوەی کارنێگی بۆ ئاشتیی نێودەوڵەتی بۆ ئەو قۆناغە بەپێویستی دەزانێ پێداچوونەوە بکرێ، چونکە ئەمریکا ئەو پێشڤەچوونەی کە بڕیار بوو ڕوو بدا، نەبوو. هەر بۆیە دوای پێداچوونەوە چەند پێشنیارێکیان خستە ڕوو، کە دەبێ ئەمریکا ئەنجامی بدات:

- چوونەدەرەوە لە عێراق لە ڕێگەی ڕێککەوتننامەیەک لەگەڵ حکوومەتی عێراقی، کە گەرەنتیی ئەوە بکرێ عێراق ناخزێتە ناو ئاڵۆزی و ئاژاوەوە.
- دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی دیپلۆماسی لەگەڵ ئێران و دانانی سنوورێک بۆ بڵاوبوونەوەی چەکی ناوکی.
- هەوڵدان بۆ گەیشتنە ڕێککەوتن لە نێوان ئیسرائیلی و فەلەستینییەکان؛ یەکێک لە بژاردەکانیش دوودەوڵەتی بوو.
- جارێکی تر داڕشتنەوەی هاوسەنگیی هێز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە دەکرێ هەندێ بکەری سیاسیی نوێ ڕۆڵیان پێ بدرێ و، پێویستیش بە بوونی ئەمریکا نەکات بەو چڕوپڕییەی کە ئەوکات لە ناوچەکە هەیبوو.

بەریەککەوتنەکان لە سووریا سووک بکرێن. هەوڵی ئەوەیش بدرێ قەیرانی لوبنان چارەسەر بکرێ، تا جۆرێک لە هاوسەنگی بۆ ناوچەکە بگەڕێتەوە.

### 2014 – 7ی ئۆکتوبەر 2023

لەم قۆناغەدا چەند گۆڕانکارییەکی جەوهەری بەدەر کەوتن:

- سەرهەڵدانی خۆپیشاندان لە شارە سوننییەکان لەسەر بنەمای مەزهەبگەرایی دژی حوکمڕانیی شیعە، کە بووە بناغەیەك بۆ هاتنی داعش.
- بەدەرکەوتنی داعش کە بووە مایەی هەڵتەکاندنی بونیادی سیاسی لە سووریا و عێراق. ئەمەیش ڕێگەی بۆ تیۆرییەکە خۆشتر کرد؛ بەوەی هاوپەیمانێتییەکی نێودەوڵەتی بۆ جێبەجێکردنی تیۆریی ئاژاوەی بنیاتنەر دروست کرا.
- یەمەن و لوبنان و عێراق و سووریا، بەتەواوی کەوتنە ژێر ڕکێفی ئێرانەوە و ململانێ ناوخۆییەکان لەو وڵاتانە گەیشتنە ترۆپک.
- دەرکەوتنی بەهاری عەرەبی وەک جۆرێکی تر لە هەڵتەکاندنی بونیادی سیاسیی چەند دەوڵەتێک و

هەڵکشانی ململانێکانی ناوخۆی ئەو وڵاتانە.

- هاتنەناوەوەی ڕووسیا بۆ هاوکێشەی سووریا.
- ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی لە نێوان ڕۆژاوا و ئێران پەسەند کرا و، نیوەی نیمچەدوورگەی عەرەبی لەلایەن ئەمریکاوە ڕادەستی ئێران کرا.
- سەرلەنوێ هاتنەوەی ئەمریکا بۆ عێراق لە ڕێگەی هەرێمی کوردستانەوە، کە پێشتر لێی دەرچووبوو( 12 ).
- گرژی و ململانێی نێوان ئێران و ئەمریکا تا دەهات بەرەو هەڵکشان دەچوون؛ تا ئەو ڕاددەیەی کە گەمارۆکان توند بوونەوە و قاسم سولەیمانی کوژرا و توندوتیژییەکان گەیشتنە ئاستی وەلامدانەوەی یەکتر.
- سەرهەڵدانی خۆپیشاندان لە شارە شیعییەکان دژی گەندەڵی و هەژموونی ئێران لە عێراق. ئەم ڕوداوەیش تەکانێکی تر جێبەجێکردنی تیۆرییەکەی بەرەوپێش برد.
- کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ئەفغانستان و کەمکردنەوەیان لە چەندان وڵاتی تر وەک عێراق و سووریا؛ بەڵام دواتر دەرکەوت کە ئەمە زیاتر تەکتیکە و دەوڵەتانی ناوچەکە کردووە کە بەمەجبووری و هەندێک جاریش بە بەرانبەر هێزەکانی ئەمریکایان قبووڵە، بۆ نموونە وەک سعوودیا.

**7ی ئۆکتوبەری 2023 تا ئێستا**

ئەم ماوەیەی کە ئێستا ئێمەی تێدا دەژین، بریتییە لە قۆناغی کۆتایی و سەرەتای قۆناغی پێش دامرکاندنەوەی ئاژاوەی بنیاتنەر و سەرلەنوێ دیزاینکردنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لەم قۆناغەدا ئەوەندەی تر گرژییەکان هەڵکشێنران، ڕووداوەکان زۆر بەخێرایی دەچن، توندوتیژییەکان تا دێ توندتر دەبن، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە لێواری بەریەککەوتنی ئیسرائیل و ئێراندا بوو، میلیشیاکانی سەر بە ئێران هەژموونیان تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تەنی؛ هەر بۆیە ئەم قۆناغە دابەش کرا بۆ سەر سێ میحوەر:

- کۆتاییهێنان بە بەرەی سەر بە ئێران لە لوبنان و فەلەستین؛ ئەوەیش لە 7ی ئۆکتۆبەرەوە کەوتە بواری جێبەجێکردن و تەواو بووە.
- بەرەی سووریا و یەمەن. سووریا تەواو بوو، ماوەتەوە یەمەن؛ ئەویش لە ڕێیە و ئێران ناتوانێ هیچ هاوکارییەکیان بکات؛ بەرەیەکی زۆر ئاسانیشە بۆ ئیسرائیل.
- میحوەری عێراق و ئێران؛ کە ئەمە دوا بزمار دەبێ لە تابووتی هەژموونی شیعی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەو شێوەیەی کە پێشتر هەبوو. ئیسرائیل و ئەمریکا دەیانەوێ عێراق، بێ توندوتیژی بێتە ناو پڕۆژەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێوە و هەموو پەیوەندییەکی پرۆکسیبوون بە ئێرانەوە بپچڕێنێ و، میلیشیاکانی حەشدی شەعبی نەهێڵێ. ئەمەیش لە سێ شێواز بەدەر نابێ: بە فەتوایەکی مەرجەعییەت، بە یاسایەک لە پەرلەمانەوە، ڕووخاندنی حکوومەتی عێراقی. شێوازی یەکەم و دووەم گەلێک ئەستەمە، بەڵام بۆ عەقڵییەتی پراگماتیستی شیعە مەحاڵ نییە، چونکە بە هەر شێوەیەک بووە، دەیانەوێ بمێننەوە. لەوەیش زیاتر، دەبێ هاوسەنگیی هێز بگەڕێتەوە بۆ لایەنە سیاسییەکانی عێراق، دەسەڵاتی دادوەری بگەڕێتەوە بۆ ئەرکی تایبەتی خۆی و، نابێت بۆ سیاسەت بقۆزرێتەوە؛ چەندان مەرجی تریش بۆ عێراق کە دەبێ بەرانبەر بە ئێران بگرێتە ئەستۆ، کە نابێ بە هیچ شێوەیەک عێراق شوێنکەوتەی ئێران بێت. ئەمەیش کارێکی بۆ سەرکردایەتیی

شیعەی عێراق قورس و مەحاڵە؛ هەر بۆیە عێراق لە لێواری تێوەگلانە؛ بەو مانایەی گۆڕانکاری لە سووریا مانای گۆڕانکاریی یەک بە دوای یەکە لە عێراق و ئێران، کە مەبەستە سەرەکییەکە تارانە.
بەڵام پێ دەچێ گۆڕانکاری لە سیستەمی حوکمڕانی لە عێراق و ئێران بکرێ، نەک هاتنی دەسەڵاتێکی نوێ؛
بەڵام ئەو ئێرانەی دوای گۆڕانکاری، ئەو ئێرانە نابێ کە خاوەنی چەکی ئەتۆمی یان ڕۆکێتی دوورمەودا و مەترسی بێ بۆ سەر ئیسرائیل و دراوسێکانی و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا، وەک هەمان دەوڵەتانی تری وەک سووریا و عێراق.

- **کـۆبەند**
- کورد دەبێ قەناعەتی بەوە هەبێ کە گۆڕانکاری دەبێ و لەخۆڕا و هەڕەمەکی نییە.
- کورد یەکێکە لە فاکتەرە سەرەکییەکانی دوای دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و، بکەرێکی سیاسیی ئەکیڤە.
- پەلەکردن لە یەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگە؛ چونکە لەو قۆناغەدا، هێز کاریگەریی زۆری لەسەر پارسەنگی هاوکێشەکان هەیە.
- ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا، لەسەر پرسی بوودجە و مووچە؛ چونکە ئەو دوو پرسە کاریگەرترینن لەسەر بژێوی هەرێم.
- پێکهێنانی حکوومەتێکی نیشتمانیی نوێ لە هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای بەرەنجامەکانی هەڵبژاردن.

( 1 ) الشرق الأوسط الكبير، تاريخ الزيارة 16/12/2024 http//:ar.wikipedia.org

( 2 ) سلام علي محمد، القوة في السياسة الخارجية الأمريكية تجاه منطقة الشرق الأوسط: إدارة الرئيس دونالد ترامب أنموذجاً، رسالة دكتورا غير منشورة، معهد العلمين للدراسات العليا، قسم العلوم السياسية، 2021، ص17-21.

( 1 ) المصدر السابق، ص24-28.

( 3 ) ويكبيديا، برنارد لويس، تاريخ الزيارة 16/12/2024، برنارد لويس www.wikipedia.ar.org/wiki/.

( 4 ) شمعون بيريس، الشرق الاوسط الجديد، ت: محمد حلمى عبدالحافظ، ( عمان، الأهلية للنشر والتوزيع، 1994 )، ص220.

( 5 ) ويكبيديا، الفوضى الخلاقة، تاريخ الزيارة 17/12/2024 www.wikipedia.ar.org/wiki/.

( 6 ) محمد حسب الرسول، إستراتيجية الفوضى الخلاقة، تاريخ الزيارة 17/12/2024 www.almayadeen.net/articles/.

( 7 ) أمينة عمر، نظرية الفوضى الخلاقة، الموسوعة السياسية، تاريخ الزيارة 18/12/2024،

https://political-encyclopedia.org/dictionary/.

( 8 ) روز ماري هوليس، **مكافحة الإرهاب في الشرق الأوسط: الوسائل مقابل الغايات**، مجلة المستقبل العربي، العدد: 274، االسنة: 24، (بيروت، مركز دراسات الوحدة العربية، كانون الأول 2002)، ص32.

( 9 ) سردار قادر محى الدين، إدارة العلاقات الدولية بالازمات، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة النيليين، 2005، ص202.

( 10 ) ويكبيديا، تفكك الاتحاد السوفيتى، تاريخ الزيارة 18/12/2024، تفكك الاتحاد السوفيتى htt://ar.wikipedia.org/wiki/.

( 12 ) رينارد منصور، كيف ساعد الأكراد في إعادة الولايات المتحدة إلى العراق، تاريخ الزيارة 19/12/2024.

http://carnegieendowment.org/research/2015/06.